# ئاوڕێک لە دەنگی نەبیستراوی شاعیرێک:
## هەڵوەدای سەربەخۆیی بە هەڵۆی شیعری ڕزگاری

**حیسامەدین (هیوا) خاکپوور**
**(سەقز)**

### پوختە
مرۆڤی کورد بە هۆی هەڵکەوتن و تێکەوتن لە دۆخێکی تایبەت و دەگمەندا، بەردەوام میراتی فیکری، فەرهەنگی، ئەدەبی و شیعرییەکەی لەگەڵ ئەو ژین- جیهانە تایبەت و دەگمەن، یان بە گوێرەی هەندێک لە نووسەران ئەو ژین -جیهانە «ئاوارتەدا» دەستەویەخەیە. یەکێک لەو مرۆڤە بیرەوەرە هاوچەرخانەی کە ژانری ئەدەبی شیعری لە خزمەتی پرسی کورددا تەرخان کردووە، پۆڵا نانەوازەدەیە (١٩٥٥ - ٢٠٢٤).

لەم وتارەدا هەوڵ دەدرێت بە قووڵبوونەوە لە شیعرەکانی پۆڵادا کە بە ناوی «هاواری سەربەخۆیی» چاپ و بڵاو کراوەتەوە، دوو ئەپیزۆدی مانایی لە شیعرەکانی شاعیردا پیشان بدرێت. ئەپیزۆدی یەکەم لە شیعرەکانیدا ئەو هەلومەرج و دۆخەیە کە مرۆڤی کوردی تێدا هەڵکەوتووە کە بە دۆخی جەهەندەمئاسا و مەرگاوی دنیای مۆدێرن ناومان بردووە، واتە دۆخی بێدەوڵەتی. هاوتەریب لەگەڵ وەسفی ئەو دۆخە و لە ئەپیزۆدی دووەمدا شاعیر هاوڕا لەگەڵ ئاماژە بە بەرخۆدان و بەرەنگاری کوردی لە هەمبەر دۆخی زاڵدا، چارەسەری یەکلاکەرەوەی ڕزگاربوون لەو دۆخەیشی نواندووەتەوە کە ئەویش بریتی بێت لە سەربەخۆیی. لە ئاکامدا دەتوانین بڵێین شاعیر جیا لە بابەتگەلێکی دیکە کە ناوبەناو پەرژاوەتە سەریان وەک ژن و ژینگە و دادپەروەری و ... بە ئامرازی سیاسیکردنی شیعر لە زومرەی ئەدەبی دەروەستی ڕزگاریخوازدا دەگونجێت کە هۆشیارانە و بە هەست و نەستەوە لە ڕەنجی نەتەوەکەی دواوە و بە ئاگاییەوە بە شیعر چارەسەریی مەسەلەی کوردی کردووە.

**وشە سەرەکییەکان**
پۆڵا نانەوازدە، ئەدەبی ڕزگاری، دۆخی بێدەوڵەتی، جەهەندەمی کورد، سەربەخۆیی.

### دەروازەی باس
مرۆڤی کورد بە درێژایی مێژوو بە هۆکاری جۆراوجۆر تا ڕادەیەکی زۆر لە دۆخی ژێردەستەییدا ژیانی بەڕێ کردووە. بە چاوپۆشین لەو باسە تیۆرییانەی کە مەسەلەی کورد بە مەسەلەیەکی

سازێنراوی سەردەمی مۆدێرن و بۆنە و لێکەوتەکانی مۆدێرنیتە دەزانێت، دەتوانین بڵێین کورد لە سەردەمی پێش مۆدێرن، جگە لە چەند برگەی مێژوویی، «مرۆڤی بێدەسەڵات» بووە و لە سەردەمی مۆدێرنیشدا «مرۆڤی بێدەوڵەت» دەژمێردرێت. ئەم هەلومەرجە تایبەت و دەگمەنە ژین- جیهانێکی تایبەتی لە دیالێکتیکی دووانەی «دەسەڵات و بەرخۆدان»، یان «سوڵتە و بەرەنگاری» (١)، یان «نکوڵیکردن و بەرگری»، یان بە چەمکاندنی ئەم وتارە «جەهەندەمی زاڵ و ڕزگاری» خوڵقاندووە. لەم نێوانەدا میراتی فیکری کوردی کە بە تایبەت لە درێژایی سەد ساڵی ڕابوردوودا لە ژانری ئەدەبی شیعردا خۆی نواندووەتەوە، بەردەوام سەرقاڵی پرسی کورد بووە، هەر بۆیە زۆرینەی شیعرەکانی «قوتابخانەی تەنویر» (٢) لە ئەدەبی کوردیدا کە بەرەی یەکەمی ڕۆشنبیرانی کورد وەک حاجی قادر، قانع، پیرەمێرد، فایەق بێکەس، شوکری فەزڵی و... دەگرێتەوە، بە پێی سەردەمی خۆیان لەگەڵ مەسەلەی کورد دەستەویەخە بوون و بۆ نموونە وەک حاجی قادر «لە خەوی شەمع و پەروانە و مەستیی مەی و مەیخانە ڕاپەڕێ و زامەکانی نەتەوەکەی بە زەقی بخاتە بەرچاو و نووشتەی بۆ بنووسێ» (٣).

بە باوەڕی خاوەنی ئەم قەڵەمە لە میراتبەرانی قوتابخانەی تەنویر، بە تایبەتمەندیی سەردەمییانەترەوە، پۆڵا نانەوازادەیە. پۆڵا شیعری خۆی تا ئاستێکی زۆر بۆ دەربڕینی ڕەنجی ژێردەستەیی و بەرخۆدانی کوردی و نوسخەی ڕزگاری، واتە سەربەخۆیی تەرخان کردووە. پرسیارێ کە هەوڵ دەدەم لەو وتارەدا وەڵامی بدەمەوە ئەوەیە وەسفکردنی شاعیرانەی پۆڵا لە دۆخی زاڵی نەخوازراوی کورد چلۆنە و ڕێگەی دەربازبوون لەو دۆخە زاڵە بەرەو دۆخی خوازراو بە چی دەزانێت؟ سەبارەت بە پێشینەی توێژینەوە لەسەر شیعرەکانی پۆڵا نانەوازادە هیچ کارێ نەکراوە



پۆڵا نانەوازادە

و ئەم نووسراوە دەیەوێت دەنگی خامۆشکراو و پەراوێزخراو و نەناسراوی ئەو شاعیرە بێنێتە گۆ.

## ئەدەبی ڕزگاری و پۆڵا نانەوازادە

ئەدەبی ڕزگاری وەک بەشێک لە فەلسەفەی ڕزگاری (٤) لە ئەدەبی سیاسیی جیهاندا بە گشتی و بە تایبەتی لە کوردستاندا ڕەنگدانەوەی تایبەتی هەبووە. ئەو ئەدەبیاتە خۆی دەرووەست دەبینێت بە ڕزگاری لە داگیرکاری، هەژاری، بێبەشی، بێدەرەتانی، شەڕ، نەهامەتی، بێ وڵاتی، تاڵان، برین، فەوتان، تاوان، نەمان، ئەنفال و قڕان و «ئێش و ئازار و تیرۆر و کوشتار» (٥) و لە هەوڵی ئەوەدایە کە زمانی شیعر (٦) بکاتە ئامرازی دەربڕینی ڕەنج و ڕەنجی دەربڕین. یەکێک لەو کۆڵەکە هاوچەرخانەی کە هەر هەمووی شیعری خۆی بە شێوەی تایبەت تەرخان کردووە بۆ مەسەلەی ڕزگاری نەتەوەیی شاعیری کۆچکردوو «پۆڵا نانەوازدە»یە. ئەو بە دڵێکی عاشق و هەڵوەدای نیشتمان و بە عەقڵێکی بەهێزی سیاسی هەر لە سەردەمی لاوییەوە بە ئازاری کوردبوونەوە تێوەگلا و وەک زۆرێک لە میراتی شیعری کوردی لە (خانی) یەوە بگرە تا حاجی و قانع و هەژار و هێمن و... زمانی شیعری خۆی بۆ بەیانی ڕەنج و ئازاری ژێردەستەبوون و دۆخی داگیرکراوی و

کۆلۆنیالیستی مرۆڤی کورد وەگەڕ خستووە، بەڵام خاڵێکی تایبەت لە شیعری پۆڵادا، ئەوەیە کە ئەو تەنیا بە وەسفی دۆخی زاڵی جەهەندەمئاسای کورد نەوەستاوە، هەروەها بەپێچەوانەی فرەیەک لە خوێندەوار و بیرمەندە مۆدێرنیستەکان نەکەوتووەتە نێو پاراداویمی دیموکراسیخوازی و دیموکراتیزەکردنی نەتەوە سەردەستەکان، بەڵکوو ڕاستەڕێگەی ڕزگاری، بێ ئەم لاو ئەو لا بە سەربەخۆیی و سەروەریی سیاسی دەزانێت و دەیشعرێنێت. لە درێژەدا تێ دەکۆشێت بە هەندێک چەمکاندنی تیۆریکەوە، جیا لەوەی ڕەنگدانەوەی دۆخی ژێردەستەیی و داگیرکراوی و نەبوونی سەروەریی و سەربەخۆیی مرۆڤی کورد کە لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکەی بووەتە «ژیانی ڕووتوقووتی جەهەندەمئاسا» لە شیعرەکانی پۆڵادا بخرێتە ڕوو، هەروەها ڕێگەچارەی شاعیر بۆ ڕزگاری و دەربازبوون لەو دۆخە بە ئاماژە بە هەندێک لە شیعرەکانی بە کورتی شەنوکەو دەکرێت.

شایانی باسە بە سەرهەڵدانی مۆدێرنیتە و گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکانی لە ئاستی فیکری فەلسەفی، ئابووری و سیاسی و...دا لە ڕووی سیاسییەوە سەرچەشنی زاڵ و جیهانداگری سەردەمی مۆدێرن دەبێتە ناسیۆنالیزم و دەوڵەت-نەتەوە کە بەندیکەت ئەندەرسۆن بە «فۆرمی پێوەر» (٧) ناوی دەبات. ئەم فۆرمی پێوەرە وەها جیهانی دەرهەست و بەرهەست دەگۆڕێت و مرۆڤێکی وەها نوێ ساز دەکات کە کەمترین شتی لە دەرەوەی بازنەی ناسیۆنالیزم دەتوانێت ڕوو بدات. ئەتین بالیبار ئەو مرۆڤە نوێیە بە «مرۆڤ ناسیۆنالیست» (٨) چەمکاندنی لەسەر دەکات، بەڵام نەتەوەیەک کە خاوەنی ئەو سەروەرییە سیاسییە نەبێت و لەو فۆرمە پێوەرە بێبەش بێت لە ئەدەبیاتی سیاسیدا بە نەتەوەی بێدەوڵەت (٩) ناسراون (١٠) و ئەگەر ناسسیۆنالیستیش بن تەنیا دەتوانن بۆ مانەوە هەوڵ بدەن و ناتوانن خاوەن مافی مرۆڤە دەوڵەتدارەکان بن. دۆخی بێ دەوڵەتی کە نەتەوەگەلێک وەکوو کورد و ئەمازیغی و بەلووچ و ... دەگرێتەوە لە لایەن زانایانی زانستە مرۆڤایەتییەکانەوە چەمکاندنی جۆراوجۆری لەسەر کراوە. «چەمکی بێ دەوڵەتی، واتە نەبوونی سەروەریی سیاسیی سەربەخۆ، زیاتر بە بیرۆکەیەکەوە بەیان دەکرێت کە ئاماژەیە بۆ «بێ مافی» (١١) و «خەسارهەڵگری» (١٢)، چونکە وا گریمان دەکرێت کە «ئامرازی ساردی تاراندن و دەرهاویژتن» دەنوێنێتەوە.

بە گشتی چەمکی بێ دەوڵەتی لەناو بوارێکی گوتاریی نەرێنیدا هەڵکەوتووە. بۆ نموونە بێ دەوڵەتی وەکوو «وەدەرنانی بەتەواوەتی لە مرۆڤایەتی»، «بۆشایی یاسایی دنیای کافکایی» (١٣)، «مەرگی کۆمەڵایەتی» «پێناسەی کتومتی جەهەندەمی مۆدێرن» «ژیانی ڕووتوقووت» و «هەلومەرجی مەترسی بێکۆتایی» چەمکاندنی لەسەر دەکرێت (١٤). ئەم چەمکاندنە کە بارگاوییە بە دۆخێکی مەترسیداری مەرگ و نەمانەوە، لەلای پۆڵا نانەوازادە و بە تێگەیشتنی هزریی و هێرمنۆتیکی شهوودی زۆربەی چەمکاندنی ئەو بیرمەندانەی بە زمانی تایبەتی خۆی بە شیعر کردووە. لە درێژەدا هەندێک لەو چەمکاندنانە لە شیعرەکانی شاعیردا شرۆڤە دەکەین کە بۆ وەسفکردنی دۆخی کورد بەکاری هێناون.

## شاعیر و جەهەندەمی داگیرکراوی

شاعیر دۆخی مرۆڤی کورد بە دۆخی داگیرکراوی و کۆلۆنیالیستی دەناسێنیت و لە شیعرەکانیدا سەدان وەسفی نەرێنی و وێرانەحاڵی بۆ دۆخی مرۆڤی کورد بەکار دێنێت. بۆ نموونە دەڵێت ئەگەر لە شەڕ و نەهامەتی سروشتیی وەک بوومەلەرزە و لافاو ڕزگارم بێت لە دەست دۆخی دەستکردی داسەپاوی داگیرکاری ڕزگاریم نایە:

**لە بوولەرزە و لەلافاو ڕەنگە ڕزگار بم بە یەکجاری**

**لە دەس داگیرکەری زاڵم نەجاتم نایە یەک جاری (١٥)**

ئەو داگیرکەرەی کە هەر لە خەونی کوشتن و شەڕ و فەوتان و نەمان و سووتانی کورددایە، بەڵام لەگەڵ ئەو دۆخی کوشتارە و ئەو جەهەنددمە مۆدێرنەی بۆ کورد ڕێک خراوە، گوتاری بەرخۆدان و مانەوەی کورد هەر لە ئارادایە:

**سەدان ساڵە کە دەمکوژن دەبین هەر هەم و ماوم**

**سەدی دیشم بکوژن هەر دەمێنم چاوەکەی چاوم**

هەر وەک ئاماژەمان پێ دا هەندێک لە بیرمەندان دۆخی بێ دەوڵەتی و نەبوونی سەروەریی سیاسی لەگەڵ دۆخی «بێ مافی» بەرابەر دەزانن، شاعیریش بە دروستی ئەو دۆخی بێ مافییەی پێکاوە و دەبێژێت:

**کە چل ملوێن خەڵک لەم ناوە مافی زەوت و نەدراوە**

**زمانیشی هەزارانی لەسەر کوژراو و گیراوە.**

واتە کورد جیا لەوەی سەرزەوینی داگیر کراوە و بێ ماڵوحاڵ کەوتووە، بە تەعبیری مارتین هایدیگەر ماڵی بوون و وجوودیشی (The home of being)، واتە زمانەکەیشی تێکدراوە و زمانکوژی کراوە و لەسەر ئەم بێ مافکردنە هەزارانی لەسەر کوژراو و گیراوە.

لە جێگەیەکی دیکەدا پاش باسکردنی دۆخی داگیرکراوی، ئەوەی عەجەم و عەرەب بە گشتی لە تاوانی وێرانەماڵکردنی کورد کردیانە، ئاوا دەینوێنێتەوە:

**زمانت نییە ئەتۆ تۆ خەڵکی کێویت**

**وڵاتیشت نییە و تۆ تورکی کێویت ...**

دواتر چەمکی «تاراندن و وەدەرنان و دەرهاویژتنی» مرۆڤی بێ دەوڵەت ئاوا پیشان دەدا:

**عەرەب دەستی لە نێو دەستی عەجەم نا**

**لە باباگوڕگوڕیش ئەمنیان وەدەرنا**

خەم و دڵەڕاوکێی مەزنی شاعیر، دۆخی «خەسارهەڵگری» و «لەمرۆڤ خستن»یشی (Dehumanizatian) (١٦) بۆ وەسفی دۆخی کوردی بێدەسەڵات باس کردووە، تەنانەت دەتوانم بڵێم لە شیعرەکانیدا دەستی باڵای هەیە. بۆ نموونە لە شیعری «بەهار»دا دەبێژێت:

**هەموو جارێ لە باتی باسی چارە**

**ژیانم تێک دەدەن بۆ نەوت و پارە**

**هەموو ساڵێ لە چەشنی ساڵەکەی پێش**

**بەشم هەر تاسەیە و هەر ناڵەیە و ئێش**

**بەشم هەر گرتن و لێدان و کوژران**

**بەشم هەر حەسرەت و هاوار و گریان**

**هەموو ساڵێ بەجێگەی تۆوی نەسرین**

**دەچێنن شەقڵی تۆڵە و دوژمنی و قین**

هەر چەندە هەر وەک میشل فووکۆ دەڵێت: «لە هەر شوێنێک دەسەڵات هەبێت، بەرخۆدانیش هەیە» (١٧) و دەسەڵاتی داگیرکەری دڕ «بە چوار داگیرکەری دڕ تێم دەهاڵێن/ جیهانی بەرژەوەندخوازیش چ ناڵن» شاعیر گوتاری بەرخۆدان و مانەوە دەورووژێنێت: «ئەمن سوورم لەسەر بڕیاری مانێ»، بەڵام هەروەک لە درێژەدا باسی دەکەین بەرخۆدان ئیمکانی گۆڕانی ڕادیکاڵ ناخوڵقێنێت و نوسخەی شاعیر بۆ وەدیهاتنی ئەو گۆڕانە ڕادیکاڵە سەربەخۆیی سیاسییە.

هەروەک ئاماژەمان پێ دا دۆخی بێ دەوڵەتی و بێ دەسەڵاتی دۆخێکە کە بە «جەهەنددەمی مۆدێرن» و «دۆخی کوشتار و کونترۆڵ و قڕکردن» و «دۆخی مەرگی کۆمەڵایەتی و مرۆڤ سڕینەوە» ناو نراوە. نانەوازدە ئەو ڕەنجە گەورانە کە لەو چەمکانەدا باسی کراون، کاتێک کە دەڵێت داگیرکەر «دوژمنێکی کە گەلێک غەددارە/ شارەزایە لە پەت و سێدارە» «دژی ئینسان و جوانییە» و «مەترسییە لەسەر ژینی

خەڵـک» ئـاوا بـە زمانـی شـیعر دەینوێنێتـەوە:

**چ شتێک ماوە بە دەستی زۆردار**
**ئێش و ئازار و تێرۆر و کوشتار**
**زەجر و ئەشکەنجە و لێدان و ئەتک**
**بەند و سێدارە و لێدان و پەتک**
**لە ژینۆساید و لە ئەنفال و قڕان**
**گازی کیمیایی و لە تالان و بڕان**
**بە دژی میللەتی کورد نەکرابێ**
**بست هەیە خوێنی لەسەر نەڕژابێ...**

ئـەو دۆخـەی کـە جورجیـۆ ئاگامبێـن بـە دۆخـی «ژیانـی ڕووتوقـووت» و «دۆخـی ئاوارتـە» نـاوی دەبـات(١٨) ڕێـک هـەر ئـەو دۆخەیـە کـە مرۆڤـی کـوردی تـێ کەوتـووە و شـاعیریش باسـی دەکات، تەنانـەت لێرەدا ئـەو شتەیش هەیـە کە یاساکان بۆ ئـەم مرۆڤـە هەڵدەپەسـێنرێن و «بۆشـایی یاسایی» لەسـەری بەنـد دەکرێـت تـا ڕاحەتتـر لـە مرۆڤایەتـی بخرێـت، تەنانـەت ناوەنـدە نێودەوڵەتییەکانیـش کـە باسـی دیموکراسـی و مافی مرۆڤ بنێشـتە خۆشـەی سـەر زمانیانـە لەمـەڕ ئـەو مـرۆڤ سـڕینەوە کـپ و بێدەنـگ دەبـن کاتێـک «سـوپای خوڵقێنـەری شـەڕ» بەهـاری کـورد دەکاتـە «نەعرەتـەی پاسـتار و سـەرباز» و:

**هەزاران کۆرپەکوردی چەشنی ئالان**
**لەناو دەریا و لە ژێر ئاواری ماڵان**
**دەخنکێن و دەسووتێن و دەکوژرێن**
**لەبەر چاوی دیموکراسی دەنێژرێن**
**بە چوار داگیرکەری دڕ تێم دەماڵێن**
**جیهانی بەرژەوەندخوازیش چ نالێن**

ئەوجـا شـاعیر لـە شـیعرێکدا کـە «چیـا» دەکاتـە بەردەنگـی خـۆی دەڵێـت: چیـا بەخاتـری ئـەو هەمـووە تـاوان و کوشـتار و بـێ خانوومانـی و جەهەندەمـەی بەسـەر کورددا هاتـووە: «خاکەکـەی زۆرەملـێ دابـەش بوو/ خەڵکەکەش ڕۆژی گەشـی لێ ڕەش بـوو...» و لەسـەر ئـەو بێدەنگییـەی شـوورای میلـەل (ئەنجوومەنـی نەتەوەیەکگرتووەکان) و چەپ و ڕاسـت کردیانەتـە پیشـە دەبێژێـت ئـەی چیـا:

**بگوڕێنە بە سەر ویژدانی بەشەردا**
**بەسەر بڕیاردەرانی مافی گەلدا**
**بەسەر گوێچکەی کپی شوورای میلەلدا**
**بەسەر مارکسیست و چەپدا تا بزانێ**
**دیموکراسی ئەدی تەشریفی کوانێ...**

بـە گشـتی وەسـفکردنی شـاعیرانە و دەربڕینـی ڕەنـج و خـەم لـە ئـەم دۆخـە جەهەندەمئاسـایەی کـە مرۆڤـی کـوردی بـێ دەسـەڵات و بـێ دەوڵەتـی تـێ دەکەوێـت بەشـێکی زۆر لـە دیوانـی شـیعری پـۆڵای نانـەوازادەی تەنیوەتـەوە، بـەڵام ئەمـە ئەپیرۆدێکـە لـە بەهـرەی شـاعیرانەی شـاعیرێکی هەڵـوەدای نیشـتمان، ئەپیرۆدێکی مەعنایـی دیکـە لـە شـیعرەکانیدا ئـەو دەنگـە هۆمێدبەخشـانەیە کـە چاوەڕوانـی داهاتـووی ڕزگارییـە. هۆمێـد بـە ئەویـن و مرۆڤایەتـی و مافـی نەتەوەیـی کـوردی ژێردەسـتە.

## هیوا بە ڕزگاری لە ڕێگەی سەربەخۆییەوە

شـاعیر وەک هەمـوو نەتەوەکـەی هۆمێـد بـە داهاتـوو و لێکترازان و تێکشـکاندنی دۆخـی زاڵـی زۆڵـی تێدایە. چاوەڕوانی ڕوانێنێکی سـەردەمیانەیە بـۆ ڕزگاری لـە مەینـەت و چەرمەسـەری. ئـەو ڕوانینـەی کـە دەبێـت هەمـوو چیـن و توێـژەکان بتەنێتـەوە:

**چاوەڕوانی ڕوانیی ڕوانینێکی تازەی سەردەمم**
**پیر و لاو و خوێندەواری ئەم گەلە بیبینێتەوە**
**بۆ ئەوەی ئەم خەڵکە ڕزگاری ببێ لەم مەینەتە**
**وەک گەلان ئازاد بژین دژمن لە یەخەی ببنەوە**
**چم لەوەی داوە لە قوم یا کەربەلا هەر چی دەکەن**
**بۆ بە زۆری من بە داگیرکەر گرێ بدرێمەوە**
**گەر لە ڕاستی من بپرسن چارەنووسی خۆم بووێ**
**سەربەخۆیی چارەسازە با وەدوای وی کەومەوە...**

پڕبوونـە شـاعیر بـە تێپەڕاندنـی ئـەو ئایدیـا چاکخوازانـە وەک «دیموکراسـی بـۆ ئێـران» و...

هەوڵ دەدات عەقڵییەتێکی سیاسیی بێنێتە گۆڕێ کە لە ژێر دیسکۆرسی مەعریفی نەتەوە زاڵەکاندا، خامۆش کراوە و وەپەراوێز خراوە، یان بە گوتەیەکی تر «نەبینراو» (١٩) کراوە و ئەویش بریتی بێت لە گوتاری سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردی کە بە وتەی خودی شاعیر «دەوڵەتێکی کورد لە بیر شۆراوە» و بێدەنگ کراوە. هەوڵی زیاتری مرۆڤی کورد بە باوەڕی شاعیر دیموکراتیزەکردنی ناوچەکە بووە و لەم ڕێگەیەدا ڕەنج بە خەسارانە-چەندان- بریندار و شەهیدی داوە:

**گەلی ئێمە سەدان ساڵە لە حەول و یارمەتی واندا**
**لە حەولی جێبەجێبوونی دیموکراسی لە ئێراندا**
**لە ئەو ڕێگایەدا چیها بریندار و شەهیدمان دا**
**لەبەروان هەر نەپەرژاوین بە حاڵی زاری خۆماندا**
**ئەویش تەنیا لە پیلانی ئەوەیدایە کە لێمان دا...**

شاعیر پارادایمی- نموونە-ی دیموکراسی تێ دەپەڕێنێت و گوتاری سەربەخۆیی بە چارەسەری مەسەلەی کورد و گەرەنتی ئازادی ئەو دەزانێت. لێرەدا شاعیر بەڵگاندنێکی عەقڵانی بەهێز بۆ نامومکین بوونی دیموکراسی و بە شێوازێک پێکهاتەشکێنی دروشمی زریقەوبریقەداری دیموکراسی دەخاتەڕوو. ئەو پێی وایە کە تاکوو کەسێک لە ڕووی سیاسییەوە ژێردەستە بێت و کەسێکی دیکە باندەست بێت و هاوسەنگی هێز و دەسەڵات لەئارادا نەبێت، خەڵک بە دیموکراسێکی بەرابەر ئەژمار ناکرێن تا ئەوەی کە چاوەڕێی دیموکراسی بکرێت:

**سەربەخۆیی گەلی کورد زامنی ئازادی ئەوە**
**تاکوو ژێردەست بێ دیموکراسی بەجێ نایە خەوە**

نانەوازادە دوای بەڵگاندن بۆ تێپەڕاندنی دیموکراسی (٢٠)، دەبێژێت دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی دەتوانێت زامنی ئازادی ئەو بێت و لە هەمبەر هەڕەشە و مەترسی نەمان و تێداچوون بەرگری لێ بکات، بۆیە بە غەیری سەربەخۆیی باسی شتی کەم کەم وەک ئۆتۆنۆمی و فیدراڵ و ... پەسەند ناکات:

**لە شەڕی مان و نەمان بۆ منی کوردیش مەرجە**
**کە خەباتی گەلەکەم ڕێک وەکوو هی سەردەم کەم**
**سەربەخۆیی گەلی کورد تاسە و ئاواتی منە**
**غەدرە گەر غەیری ئەوە باسی شتی کەم کەم...**

پۆلا، پۆلائاسا پێداگری دەکات لەسەر ئەوەی کە تاقەڕێگەی ڕزگاری تەواوەتی لەو سەردەمەیدا کە دەوڵەت نەتەوە لەسەر هەموو کەلێن و قوژبنەکانی ژیان زاڵە، بە گەیشتن بە سەروەری سیاسی و دەوڵەت نەتەوەی سەربەخۆی کوردی مومکین دەبێت:

**منی کورد تاقە یەک ڕێگەم لە بەردەمدا کە ڕزگار بم**
**لە ژینووساید و ئەنفال و لە تێداچوون و فەوتانم**
**دەبێ من لەمپەرێ ساز کەم بە ناوی دەوڵەتی کوردی**
**هەتا نەمگاتە دەستی دوژمنانی چەشنی ئێرانی**
**کە بەر بگرم بە وێرانی و بە کوشتار و بە زۆرداری...**

شاعیر لە شیعرێکی دیکەدا «ساقی» دەکاتە بەردەنگی خۆی و دەپرسێت دەزانی «بۆچی مەی چارەی خەمی من ناکات؟» چونکە تا ئەم نەتەوە ژێردەستە نەجاتی نەبێت و چارەی خۆی بە سەربەستی نەنووسێت و ڕزگاری لە داگیرکاری نەیەت، مەی سارێژی ئەو هەموو ژان و برینە ناکات:

**تاکوو ئەو ڕۆژە غەریبێ مابێ**
**گەلەکەم کۆیلە و بێ ئاڵا بێ**
**دەستی داگیرکەری لێ نەبڕابێ**
**خاکەکەم تێکەڵی یەک نەکرابێ**
**مەی تەواوی ڕەزی ئەم دنیایە**
**دەرەقەت ژان و خەمی من نایە**

دیسانەوە لە شیعرێکی دیکەدا کە وەکوو

ئازیەتینامەیەکە بۆ پێشەوا قازی محەمەد و ڕووخاندنی کۆماری کوردستان، کۆیلەیی و بێ مەسکەن و بێ مەئوایی کورد و ئازادی گەلانی دیکە دەبەستێتەوە بەوەی ئەوان کیان و ئالا و دەوڵەتی سەربەخۆیان هەیە و کورد نییەتی:

**زۆربەیی خەڵکی جیهان ئێستە لە بەند ئازادن**
**هەر منم کۆیلە و بێ مەسکەن و مەئوا دەگریم**
**وا سەدەی بیست بە پەنا گوێچکەیی مندا ڕۆیی**
**دەستی داگیرکەرەکەم هەر لەسەرم ما دەگریم**
**بە سەدان ساڵی تریش بێت و ئەویش تێپەڕ بێت**
**بێتوو داوا نەکرێ مافەکە ناگا دەگریم**
**میللەتی کورد هەموو لێی ڕوونە چییە ئاواتی**
**سەربەخۆیی دەوێ کورد کوا ئەدی داوا دەگریم...**

لە جێگەیەکی دیکەدا خولیای سەربەخۆیی، بە ڕزگاری لە دۆخی ژێردەستەیی و بێ بەشی و هەژاری و زمانکوژی و زۆرداری ئەداتە ئەژمار:

**ئەویش پێی خۆشە منداڵی وەکوو منداڵی تۆ تێر بێ**
**زمانی خۆی بە ئازادی بخوێنێت و ئەوی فێر بێ**
**ئەویش ئالا و کیان و دەوڵەتی خۆی و وڵاتی بێ**
**ئەویش وەک میللەتانی تر لە زۆرداری نەجاتی بێت**

کەوایە پۆڵا نانەوازادە لە شیعرەکانیدا هەم دەرد و ڕەنج و زامی مرۆڤایەتی بە گشتی باس دەکات «تاکوو چەوساندنەوە نەبڕێ لە جیهان دەگریم» و هەم بە تایبەتی دەرد و ڕەنج و زامی بێ دەسەڵاتی و بێ دەوڵەتی و بێ دەرەتانی مرۆڤی کورد بەباشی دەنوێنێتەوە، کە هەر وەک باسمان لێ کرد «دۆخی جەهەندەم ئاسا»ی مرۆڤی کورد لە سەردەمی مۆدێرندایە. زیاد لەوانە، پۆڵا تەنیا دەردناس نەبوو، بەڵکوو نوسخەیشی بۆ دەربازبوون لەو دەرد و زامانە پێچاوەتەوە کە ئەویش بریتی بێت لە نوسخەی «سەربەخۆیی». شاعیر بە تەعبیری مارتین لۆتەر کینگ «خولیایەکی هەبوو» و هیوامەند بە ڕزگاریی لە دۆخی ژێردەستەیی و ئارەزوودار بە دوارۆژی سەربەستی و گەیشتن بە سەروەری سیاسی بوو. بە داخەوە لە خاکی غوربەتدا بە هیوای گەیشتن بە بەهاری ڕزگاری، ماڵئاوایی هەمیشەیی لە نەتەوە و نیشتمان کرد، بەڵام دەیگوت:

**بەهاری میللەتی کوردیش دەگاتێ**
**دەگاتێ هەر دەگاتێ هەر دەگاتێ...**

**پەراوێزەکان:**

(١) بۆ نموونە عەباسی وەلی لە وتاری «کوردەکان و ئەوانی تریان»دا لەم دووانە و نزیک لە دووانەکانی دیکە کەڵکی وەرگرتووە. ( vali , ٨٥:١٩٩٨-٨٦).

(٢) قوتابخانەی تەنویر، یان ڕۆشنگەری ناوێکی گشتییە لە مێژووی مۆدێرنی فیکری کوردیدا و شاعیرەبیرمەندانێک لەخۆ دەگرێت کە بە ئاشنایی لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی دنیای مۆدێرن، هەوڵ دەدات ئەو ئەندێشە نوێیاوانە لە ڕێگەی ژانری زاڵی ئەو سەردەمە، واتە شیعر بگوازێتەوە بۆ ناو کۆمەڵگەی کوردی. لە گۆڕانکارییە مەزنەکانی عەقڵی فەلسەفی مۆدێرنەوە بگرە کە هەوڵ دەدرێت بکرێتە جێگرەوەی چەتری پیرۆزی ئایین و خورافەسڕینەوە لە کۆمەڵگەی کوردی، هەتا لێکەوتەی سیاسی دنیای مۆدێرن، واتە ناسیۆنالیزم کە گرینگایەتییەکەی لەلای ئەم قوتابخانەوە بە وردی خراوەتە بەرباس، هەروەها لە ڕووی ئابووری و سەنعەت و مۆدێرنیزاسیۆنی ماددیشەوە خوازیار و بانگەشەکەری ئەو گۆڕانکاریانە لە کۆمەڵگەی کوردیدا بوون. لەگەڵ ئەمانەیشدا باسی دادپەروەری و مەسەلەی ژن و زۆر شتی دیکە بە شێوەیەکی نوێخوازانە لەم قوتابخانەدا ئاوڕی لێ دراوەتەوە. باڵکێشە مەعریفەیەک کە ئەم قوتابخانە و ڕێڕەوەکانی بەرهەمی دێنن، مەعریفەیەکی کوردانەیە و بە پێچەوانەی زۆربەی مۆدێرنیستەکان لە ژێر

پارادایمی مەعریفی ئەوانی دیکەی سەردەستدا نییە، بەڵام بەداخەوە لەسەر ئەم قوتابخانە فیکرییە کەمتر کاری زانستی ئەکادمیک کراوە.

(٣) بڕوانە دیوانی حاجی قادری کۆیی، وتەی چاپی نوێ، لاپەڕەی ٩.

(٤) بڕوانە وتاری فەلسەفەی ڕزگاری بەم ناوونیشانە:
https://zanistname.com/en/entries/liberation

(٥) هەمووی ئەم دەستەواژانە ڕێک لە خوێندنەوەی وردی ماناناسانەی شیعرەکانی پۆلای شاعیردا دەرم هێناون. لە درێژەدا باسی ئەوە دەکەین کە شیعری پۆلا نانەوازادە ئاوێنەی باڵانوێنی پیشاندانی «دۆخی جەهەندەمئاسای مرۆڤی بێدەسەڵاتی کوردە». لەگەڵ ئەوەی کە ڕێگەچارەی دەربازبوون لەو دۆخەیش دەخاتەڕوو و هیوای گەیشتن بە ڕزگاریش لە شیعرەکانیدا نەکوژاوەتەوە و بەتەعبیری هێمن «هەمە هیوا بە دوارۆژێکی ڕوون».

(٦) ئەوەیشی کە ئایا ئەمانە شیعرن، یان هۆنراوە، باسەکە دەگەڕێتەوە بۆ فۆرم و پێکهاتە و زمانی ئەو هەڵبەستانە کە لێرەدا بەرباسی ئێمە نییە، هەر بۆیە بە چاوپۆشییەوە وشەی زمانی شیعریم بە کار هێناوە.

7-Modular form.

(٨) Homo nationalist مرۆڤ ناسیۆنالیست چەمکێکە کە بالیبار و ڤالێرشتاین بەکاری دێنن و ئاماژەیە بەو مرۆڤە مۆدێرنەی کە ناسیۆنالیزم تەواوی کەلێن و قوژبنەکانی ژیانی تەنیوەتەوە و لەم واتایەدا سەرهەڵدانی مرۆڤی ناسیۆنالیست بە واتای لاچوون و زەوالی مرۆڤی ئایینییە، چونکە هەروەک کە گرینفێڵد دەڵێت: ناسیۆنالیزم چوارچێوەی ئاگایی کۆمەڵایەتی مۆدێرن دەخەملێنێت (Solei-mani, 2016:24).

(٩) Nation Without State.

(١٠) خوێنەر دەتوانێت بۆ تێگەیشتنی زیاتر لەم چەمکە بڕوانێتە وتاری «ناسیۆنالیزم، جیهانوەتەنی و بێ دەوڵەتی: وتووێژی بەرزوو ئەلیاسی لەگەڵ کرەیگ کەلهۆن لەم ناوونیشانە:
https://jineftin.krd/ 2023/ 12/17/ %D9%86 %D8 %A7 %D8 %B3%DB%8C%DB%86%D9%86%D8%A7%D9%84 %DB%8C%D8%B2%D9%85%D8%8C%D8%AC%DB%8C %D9%87 %D8%A7%D9%86%D9%88%DB%95%D8%AA%DB%95%D9%86%D8%AE%D9%88%D8%A7%D8%B2%DB%8C-%D9%88-%D8%A8%DB%8E%D8%AF%DB%95

دەقی ئینگلیزی ئەم وتارە لە ساڵی ٢٠١٤ لە گۆڤاری 'خوێندنەوە کوردییەکان Kurdish studies، بەرگی ٢، لاپەڕەی ٦١-٧٤ بڵاوە کراوەتەوە، هەروەها بۆ ئەم باسە خوێنەر دەتوانێت بڕوانێتە وتاری:
Montserrat Guibernau, Nations Without States: Political Communities in the Global Age, 2004, Volume 25, Issue 4, Michigan Journal of International Law.

(11) Rightlessness.

(12) Vulnerability.

(13) Kafkaesque legal vacuum.

(١٤) بۆ ئاشنایی زیاتر لەگەڵ باسی بێ دەوڵەتی و ئەم چەمکاندنانە، خوێنەر دەتوانێت بڕوانێتە کتێبی:
Eliasy.barzu, Narratives of Statelessness and Political Otherness: Kurdish and Palestinian Experiences, 2021, P-P:5-15. PALGERVA PRESS.

(١٥) هەمووی ئەو شیعرانەی لەم وتارەدا ئاماژە پێ دراون لەو فایلە دەنگییانەدایە کە بە خوێندنەوەی خودی شاعیر بڵاو بوونەتەوە. بە داخەوە دیوانە چاپکراوەکەی بەردەست نەبوون.

(١٦) ئەم دەستەواژەیە و نزیک لەمە لە کتێبی «ڕیشەکانی تۆتالیتاریزمی» (هانا ئارێنت)دا هەیە کە دۆخی بێ دەوڵەتی و بێ دەسەڵاتی جوولەکەکان بەو دەستەواژانە دەچەمکێنێت. بڕوانە:
-Arendt, H. (1951). The origins of totalitarianism. Shocken Books, p: 297.

(17) foucault , michel , 1978. The history of sextulity, volum1, an introduction , newyork, vintage books, p:95-96.

(١٨) ئاگامبێن لە شرۆڤەی چەمکی هۆمۆساکێردا دەڵێت کەسێکە کە لە ماف دەخرێت و دەخرێتە دەرەوەی یاسا و ناسێنەری دۆخی ئاوارتەیە. هۆمۆساکێر

جەستەی سووژەیەکە کە لە بایۆس، یان ژیانی سیاسی دادەشکێنرێت بۆ زیئوس، یان ژیانی بایۆلۆژیکی ڕووتوقووت (bare life). بۆ ئاشنایی زیاتر لەگەڵ ئەو چەمکە بڕواننە:

Agamben, G. (1998). Homo sacer. Sovereign power and bare life. California University Press.

(19) Unvisable.

(٢٠) بۆ باسوخواسی زیاتر لە بارەی ڕوانینی ڕەخنەیی لەسەر مەسەلەی دیموکراسی، بە تایبەت لە ڕوانگەی نەتەوە بێ دەوڵەتەکانەوە، بڕوانە وتاری سیروان ڕێناس بە سەرناوی:

دیموکراتیزەکردنی دیموکراسی: ڕەخنە لە بنەماکانی تیۆری سیاسەتی دیموکراتی لە ڕوانگەی نەتەوە بێ دەوڵەتەکانەوە. بەم ناوونیشانە:
https://www.politiajournal.com، بەرگی ١، ٢٠١٨

**سەرچاوەکان:**


1-Agamben, G. (1998). Homo sacer. Sovereign power and bare life. California University Press.

2-Arendt, H. (1951). The origins of totalitarianism. Shocken Books, p: 297.

3- Eliasy.barzu, Narratives of Statelessness and Political Otherness: Kurdish and Palestinian Experiences, 2021, P-P:5-15.PALGERVA PRESS.

4-foucault , michel , 1978. The history of sextulity, volum1, an introduction , newyork, vintage books, p:95-96.

Montserrat Guibernau, Nations Without States: Political Communities in the Global Age, 2004, Volume 25, Issue 4, Michigan Journal of International Law.

Soleimani, kamal, Islam and competing nationalism in the Middle East1876-1926, palgrave, 2016.

Vali, Abbas , The Kurds and Their “Others”: Fragmented Identity and Fragmented Politics, Comparative Studies of South Asia, Africa and the Middle East, Vol. XVIII No. 2, 1998, pp. 83-94.

٥- ئەلیاسی، بەرزوو «ناسیۆنالیزم، جیهانوەتەنی و بێ دەوڵەتی: وتوویژی بەرزوو ئەلیاسی لەگەڵ کرەیگ کەلهۆن، وەرگێڕانی حیسامەدین خاکپوور.

٦- ڕێناس، سیروان، دیموکراتیزەکردنی دیموکراسی: ڕەخنە لە بنەماکانی تیۆری سیاسەتی دیموکراتی لە ڕوانگەی نەتەوە بێ دەوڵەتەکانەوە. بەم ناوونیشانە:
https://www.politiajournal.com، بەرگی ١، ٢٠١٨.

مەندییێتتا، ئیدواردۆ، وەرگێڕانی وتاری فەلسەفەی ڕزگاری، بە وەرگێڕانی حیسام خاکپوور، لە ئەنسیکلۆپیدیای ئیستەنفۆرد، بەم ناوونیشانە:
https://zanistname.com/en/entries/liberation2023

٧- کۆیی، حاجی قادر، دیوانی شیعر، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا، انتشارات کوردستان، چاپی دووەم، ١٣٩١.